## کۆڕی بەڕێز/ قەرەنی قادری

## "پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بەدیموکراتی کردنی کۆمەڵگای کوردستان"

٢٠٠٦/١١/٢١

پـرۆژەی دەسـتوور بەواتایـەکی حقـوقی کـە واتایـەکی جیهـانی هەیـە بریتـی یـە لەکۆمەڵـە یاسـاو ڕێوشـوێنێك بـۆ هاووڵاتیـان و سیاسـەتوانان چـی بکـەن و چـی نەکـەن بەمانایـەکی تـریش ئـەو تێبینـی یـە دەخاتـە سـەر دەسـتوور کـە چوارچـێوەی وڵاتێـك لـەجوغرافیای نەتەوەییـدا دیـاری دەکـات بـەرێگای دەسـتوور دەکرێـت پێناسـەی وڵاتێـك دەربخرێت ئەمە مانایەکی گشتی لەچوارچێوەی دەستوریدا پێ ی دەڵێن قانوونی ئەساسی هـەوڵ دەدەم هـەر لـەو بنەڕەتـەوە بـچمە نـاو دەسـتووری هەرێمـەوە دواتـریش کێـشەی بـەدیموکراتیکردن ئـەویش بریتـی یـە لـەوەی کـە لـە کۆمـەڵگای کـوردی دا و لەرۆژنامـەو گۆڤارەکان زۆر باس لە دیموکراتی کراوە دیموکراسی چ مانایەکی هەیە دەکرێت دیموکراسی کۆمـەڵگای ئـەوروپا کـە پێـشینەیەکی چـەند سـاڵەی سـەرمایەداری هەیـە دەکرێـت لـە کوردستان دایبە زێنین ئەگەر دایبە زێنین ئاکامەکانی چی دەبێت ئایا دەکرێت ئـەزمونی دیموکراتی لە ئەوروپاوە بێنین و بیکوردێنین چۆن ئەم کارە بکەین توانای ئەوەمان هەیـە یا نا.

بەشێکی دیکەی کە پەیوەندیەکی وردە پەیوەندی بەزمانی کوردیەوە هەیە کـە زمـانی کـوردی لـە چ بوارێـك دەژی لێـرە چـۆن سـەیری زمـان دەکرێـت لـەکاتێکا کـە کوردسـتان خەریکە یەکەیەکی سیاسی پێك دەهێنێت بەڵام رەوشی زمانی کوردی چۆنە دیارە پرۆژەی دەسـتووری هـەرێم کەنوسـراوە پرۆژەیەکـە بـۆ چوارچـێوەیەکی فیـدراڵی لـەعێراقێکی یـەکگرتودا بـەڵام نـەك یەکەیـەکی یـەك دەسـت کـاتی خـۆی لەرۆژهـەڵاتی ناوەراسـت کـە ئێستاکەش هەیە سەیری هەردیاردەیەکی دەوڵەتی دەکرێت وەکو یەکەیـەکی یـەك دەسـت سـەیر دەکرێـت بـەڵام پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێم توانیویـەتی ئـەم بابەتـە فەلـسەفیە بشکێنێت کە دیاردەکـان دەتـوانن پێکـەوە بـژین بـەڵام رەنگـاو رەنـگ بـن هـەر دیاردەیـەك سـنووری خـۆی هـەبێت لەچوارچـێوەیەکی گـەورەتردا بـەڵام چوارچـێوەیەکی لـەرزۆك کـە بتوانێـت وەك فەنـەر خـۆی واتـە کێـشی لـە هەنـدێك بـواردا پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان هـەم لـەباری نـاوەوە توانیویـەتی کـورد وەکـو نەتـەوە هـەم نەتـەوەکانی تـر لـە کوردسـتاندا دەژیـن لەچوارچـێوەیەکی (ئوفوفیـدا) ئاسـۆی بیانناسـێنێت وەکـو بابـەتێکی سیاسـی ئاراسـتەیان بکـات کـە دەکرێـت بـەپرۆژەی نەتـەوە سـازی یـان دەوڵەتـسازی نـەك

لەروانگەیەکی مارکسی یەوە کە روانگەیەکی وشکە بەڵکو لەروانگەیەکی لیبڕالیەوە کە بنەماکەی لەسەر پەیوەندیەکی دڵخوازانە بێت، کاتێك لەدەستووردا باس لەسنووری جوغرافیای هەرێمی کوردستان دەکرێت باس لەئاڵای کوردستان دەکرێت ئەوانە دەکرێنە فۆرمەڵ و دەدرێنە دەرەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان دەنگی پێبدەن زۆرجار هەیە من لەئەوروپا دەیبیستم کورد پێم دەڵێت کە ئاڵای کورد هەیە دەنگدان ی بۆچی یە کاتێك نەورۆزمان هەیە رەئی بۆچی یە لەراستیدا گشتی ئەو دەوڵەتانەی دروست بوونە کە مەبەستم ئیمپراتۆرەکانی نی یە ئەو دەوڵەتانەی لە ئەوروپا دروست بوون پێشینەیان لەرێنسانس لە شۆڕشی پیشەسازی ئینگلستان فەرەنسا هەبووە هەموویان لەو قۆناغە دەربازبوون واتە لیبرالیکردنی کۆمەڵگا کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دڵخواز دروست دەبێت هەر کۆمەڵگایەکیش لەسەر بنەمای دڵخواز دروست بێت دەتوانێت چوارچێوەیەکی دەرك بەهێزی هەبێت بەهێز بەواتای کلاسیکی پێشوو بەزەبری چەك دیفاعی لێبکەیت ئەوسیستەمەی کە لەعێراقی سەردەمی سەدامدا دروستکرا چوارچێوەیەکی رەق و تەقی هەبوو بەهێرشێك ئێستا لەرزۆکە ئەم پرۆژەیە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا دەکرێت بەیەکەم پرۆژە ناوی ببرێت چونکە کاتی خۆی عێراق ناوەندێکی بەهێزی هەبوو بەناوی بەغداد لەراستیدا پایتەختی لەسێدارە دان بوو پایتەختی لەشکرێشی کوردەکان بوو ئێستا ئەم پرۆژەیە توانیویەتی ئەم جەهەنەمە تێك بشکێنێ ئەم پرۆژەیە عێراقی کردۆتە پایتەختی هەولێرو بەغداد ئەگەر کاتی خۆی بڕیار لەبەغداد دەدرا ئێستا ئەو بلانسە دروست بووە ئەگەر کێشەیەك لەعێراق دروست بوو چارەسەرنەکرا لەبەغدا پەنا بۆ هەولێر دەهێنرێت ئەمە یەکێکە لەئاکامەکانی ئەم پرۆژەیە کە نیشان بدا کورد هاوکێشەیەکی بەهێزە لەعێراقدا بەبێ کورد هیچ لەکێشەکانی چارەسەریان نابێت ئیترمن باسی ئەوە ناکەم سیاسەتمەدارانی کورد چ کاتێك لەیاریەکی شەترەنج دا دەیبەنەوە یان نا ، بەلام بەگشتی عێراق تووشی ئەو قۆناغە بووە قۆناغێکی لەرزۆکە لەبواری ناوچەدا کورد پێشەنگە لەرۆژهەلاتی ناوەراست دا توانی سیستەمێکی تۆتالیتار بگۆرێت بەگەلا ڵەیەکی فیدراڵ بێتە مەیدان هەم کاریگەری لەسەر ئەتۆمەکانی تاوان دەبێت هەم لەسەر تورکیایەك کە بەرەو ئەوروپا دەروات هەم لەسەر سوریا کە تاوانبارە بەتیرۆریزم لەبواری رۆژهەلاتی ناوەراستەوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر رۆژهەلاتی ناوەراست ئەوان پێیانوایە هەر ئاڵ و گۆڕێك لەرۆژهەلاتی ناوەراست دروست بێت دەبێت دەسەلاتەکانی یەکپارچە بن دیارە لە گەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا دەروا بەلام ئەم بەرژەوەندییەی لەعێراق بۆ دروست نابێت چونکە عێراق یەکپارچە نی یەو شەترەنجێکی

ڕەنگاو ڕەنگە ئەگەر سەیری بکەین یەکەی کوردستان کاتێك دەچێتە هەڵبژاردن وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی دەنگ دەدا بەڵام کە دەچینە ناوچە عەرەبیەکان یەك نەتەوەیە بەشێك بەناوی شیعە دەنگ دەدەن بەشێك بەناوی سوننە کێشەکان دەبینی جیاوازیان زۆرە جا لەو بوارەوە کاری کردۆتە سەر گەلاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە:

هەندێك تێبینم لەسەر پرۆژەی دەستوور هەیە ك دوو شتە و زۆر بەگرینگیان دەزانم یەکەم باس لەوە کراوە کە ناسنامەی زۆرینەی کورد ئیسلام ئیسلامە یەکێك لەبنەماکانی دەستوور دەبێت بەگوێرەی ئەوانەی نوسیویانە سەیری دەستووری عێراقیان کردووە لەوەوە گواستویانەتەوە کوردستان پێم وایە لە گواستنەوەکەدا هەڵەیەکی جدی کراوە لەتێروانینی ئەوانە لەسەر فیدراڵی کەیەکەیەکی سیاسی کەپەیوەندی بەناوەوە هەبێت دەبێت چ خاڵێك دەست نیشان بکاو لەوێوە فیدرالیزم دیاری بکات هەروەکو باسم کرد لەمێژوودا کورد بەکێشە سیاسی یەکەی دەناسرێت نەك بەکێشەمەزهەبیەکەی لەپاڵەوانانانی قەڵای دمدمەوە بگرە تا دەگاتە مەلا مستەفای بارزانی هیچ کام لەوان (جندالله) یان دروست نەکرد چەکدارەکانی ناویان پێشمەرگەیە ئەمانە کێشەکەیان نەتەوەییە شێخەکەی نەهری خانەقایەکی گەورەی هەبوو لەهەر چوار پارچەی کوردستان موریدی هەبوو بەڵام کاتێك نامەی بۆ کۆنتۆڵی ئینگلیز دەنووسی باس لەجیاوازی نەتەوەی لەگەڵ تورك و عەرەب و عەجەم دەکات دەبینین شێخێکی خاوەن تەریقەت کەلایەنگرانی وەك ئەفسانە دەیپەرستن لەمێژەوە کێشەی نەتەوەی زاڵە ئەوە یەکێك لەوخاڵانەیە کە تائێستا هیچ پسپۆرێك کاری لەسەر نەکردووە کە بۆ دەبێت نەتەوەیەك دینی تێدا بەهێز بێت بەشی زۆری ئەو کەسانەی سەرکردە بوونە پێشکۆو پاشکۆی ناوەکانیان یان مەلان یان شێخن ئەوەنیشان دەدا کەکێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە پێم وایە ئەوە لەبرچاو نەگیراوە لەروانگەیەکی دیکەوە عەرەبی عێراقی کاتێك سەیری دەستوور دەکات دەستی باڵا شیعەیە بۆ شیعە کێشەی نەتەوەی زۆر گرنگ نی یە بەمەزهەب دێتە مەیدان سەیری ڕێخراوەکانیان بکەن سەیری سەرکردەکانیان بکەن لەقاڵبێکی مەزهەبیدا دەبینرێن بۆ ئەوان زۆر گرینگە پێناسەی عێراق ئاینی بێت بەڵام دەکرێت بەراوردێك بکەین لەنێوان کوردو شیعە ئایا ئەمانە هاوشانن ؟ لەبواری دارشتنی ستەمی فیدراڵی کورد بتوانێت چۆن لەم دەستوورەدا مەیدانی مانۆڕ بۆ خۆی بکاتەوە کە لەکام مەیداندا وەکو فەنەر خۆی دەرباز بکات چ ئەلقەیەك ئێمە بەبەغداد گرێ دەدات کە لەوێوە پێناسەی ستامی فیدراڵی بکات کاتێك سەیری سەرکۆماری عێراق دەکەین سەرکۆماری عێراقە هی گشت نەتەوەو ڕەنگەکان کە ئەلقەیەکە کورد بەوێوە گرێ دەدات

کاتێك سەیری وەزیری کاروباری دەرەوەی دەکەین کوردە ئەمانە ئەوئەلقانەی کەکورد بەوێوە گرێ دەدات کاتێك سەیری ئەرتەشێك دەکەین ئەگەر وڵاتێك هێرش بکاتە سەر عێراق گشت ئەرتەشەکە بەرەنگاری دەبێت بەڵام من نازانم بۆچی پێناسەی ئیسلامی لەوێ زەق دەبێتەوە دەقاودەق کۆپی یەکەی دێنن لەکوردستان پیادەی دەکەن هیچ بەڵگەیەکی مێژووی هاوتا نی‌یە لەگەڵیدا، لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك باس دەکەین یەکێك لەبەیانامەکانی دیکەش بەیانامەی مافی مرۆڤە ئەم بەیانامە ٣١ ماددەیە هەمووشتێکی روونە ئازادی دەتوانێت گشت سنورەکانی ببەزێنێت تا ئێستا لە تەواوی خوێندنەوە ئیسلامدا لەشاخی ئەفەریقاوە تا دەگاتە ئەبو سیاف ئەم نمونەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە لەململانێ لەگەڵ ئازادیدا دەرنەچوون ئەنتەرنێت سنوری هەموو ئایدۆلۆژیەکی بەزاندووە ئەگەر جاران سنوریان دەبەزاند بەچەك و تەنگ و تۆپ بەڵام ئێستا بەئیمێلێك هەموی دەبەزێنێ تەنانەت دەسەلاتی پێنجەم بۆ دروستکراوە لەم سەروو ئەوسەری دنیا چۆن دەکرێت ئەم کێشانە بەدیموکراتی بکرێن لەکۆمەڵگای کوردستان ئەگەر بێتو ئەم بابەتانە لە کۆمەڵگای کوردستان مناقەشەو لێدوانێکی باشیان لەسەر بکرێت لەحاڵەتی تێوری و بەرەو پیادەکردنی بروا کۆمەڵگای کوردستان سروشتی یاسا وایە هەربابەتێك لەم سنورەدا دەبێت چوارچێوەو پێناسەکانی زۆر جوان دیاری بکرێت کاتێك باسی بەیاننامەی مافی مرۆڤ کرێت کە لەدەستوور هاتووە هاوولاتیەکی ئاسایش دەتوانێت بیخوێنێتەوە لەبەندێکدا باسی دەکات دەڵێت نەتەوەی کورد نەتەوەکانی تر وەك ئەرمەن و ئاشورو کلدان لەبواری ئایدۆلۆژیەوە هاوشان کراون واتە پێناسە بۆ کورد کراوە بۆ ئەوانیش کراوە بەڵام لەمافدا بەرامبەر نین، ئەمە ناکۆکی دروست دەکات لەو دەستوورەدا ئایا دەکرێت ئەمانە دابەزێنرێن بۆ ئەوە نەتەوەکە ئەم زۆرتر لایەنی ژمارە دەگەیەنێ تا لایەنی فکری بەبۆچونی من ئەم فۆرمەڵە دروستە ئەوانە نەتەوەن لەکوردستاندا دەژین ژمارەیان چەندە بەڵام لەبواری مافەوە نارێکە، بۆچونی من ئەوەیە ئەگەر بکرێت فۆرمەڵی وا دروست بکرێت کە ئەم نەتەوانەی لەدەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە. زمان و ئاینی خۆیان هەیە دەبێت بەرێوەبرێت بەڵام بۆ بەرێوەبردنی ئەوانە پێویستیان بەشوێنێك هەیە ئەم شوێنە پێشنیاری من ئە وەیە ئەنجومەنێکی خۆجێیان هەبێت ئەم فیدرالیزمەی کوردیش بەرەو قۆناغێکی تر دەگوێزێتەوە هەم لەناوەوە هەم لەدەرەوە دەتوانێت باشتر پارێزگاری لەخۆی بکات. کێشەیەکی ترو سەرنجێکی من زمانە دەستوورەکە لەعەرەبی نوسراوە کراوە کوردی دیارە فۆرمەڵەکان ئەوەندە زەحمەت نین کورد نەتوانێ بینوسن پێویستیش ناکات تۆ بە عەرەبی بنوسی کورد ئالایەکی سێ رەنگی هەیە سەوزو سورو زەرد کوردێکی ئاسای

**دەتوانێت بینوسێت یەکەم شت لەهاتنەوە زمانی سـەقەتی کوردیـە کەلەمـەتار دادەبـەزیت فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری کە (ی) سراوەتەوە.**